# ڕێنمایی تایبەت بە ئەنجام دانی مەشقی هاوینە

ئاگاداری سەرجەم فێرخوازانی سیمیستەری چوار دەکەین کە پرۆسەی مەشقی هاوینە لە لایەن **سەنتەری پەرەپێدانی کار (CDC)** ی پەیمانگەوە سەرپەرشتی دەکرێت بۆیە تکایە ئاگاداری ئەم خالانەی خوارەوە بن :

١- بۆ ئەم سالی خوێندن فێرخوازان دەتوانن لە **سەرەتای ساڵەوە تا وەکوو کۆتای مانگی هەشت مەشقی** هاوینە جێ بەجێ بکەن لە کەرتی **تایبەت** بەو مەرجەی کاریگەری نەبێت لە سەر پرۆسەی خوێندنەکەی واتە دوای دەوامی پەیمانگە یان لە کاتی کۆتایی هاتنی سیمیستەری سێیەم و چوارەم بێت بەلام بۆ کەرتی حکومی دەبێت لە پاش کۆتایی هاتنی پرۆسەی خوێندن بێت واتە لە سەرەتای مانگی شەشەوە تا کۆتای مانگی هەشت.

٢- پیویستە فێرخواز پێشەکی بە شێوازی **زارەکی لارینەبوون** لە شوێنی مەبەست وەر بگرێت پاشان سەردانی سەنتەری پەرەپێدانی کار بکات بۆ وەرگرتنی نوسراوی پشتگیری فەرمی بۆ شوێنەکە ، چونکە یەک جار نوسراوتان بۆ دەکرێت .

٣- پیویستە فێرخواز لە دوای بردنی نوسراوی پشتگیری نوسراوی لارینەبوونی فەرمی بە مۆر و واژوو بگێرێتەوە بۆ سەنتەری پەرەپێدانی کار بە بێ بوونی مۆر و واژۆ نوسراوەکەتان لێ وەرناگیرێت و دەبێت پرنت کراو بێت واتە دەبێت بە کۆمپیوتەر بینوسن و پرنتی بکەن.

٤- بۆ ئەو شوێنانەی کە نوسراوی فەرمیان نییە ، وەک سەنتەری پەرەپیدانی کار کلێشەیەکمان بۆ ئامادە کردنوو بۆ نوسراوەکان تکایە ئەو کلێشەیە بەکار بهێنن.

٥- ماوەی مەشقی هاوینە بە شێوەی ئامادەبوونی ڕاستەوخۆ دەبێت و پێویستە لەو ماوەیەدا بەلایەنی کەمەوە (١٠٠) کاتژمێر مەشق جێ بەجێ بکەیت واتە تۆ سەرپشکیت تەنها ١٠٠ کاتژمێر مەشق بکەیت بەلام ئەگەر شوێنەکە کردیان بە مەرج کە دەبێت زیاتر مەشق بکەیت ئەوا دەبێت گوێرایەلیان بێت.

٦- فێرخواز پیویستە لە پاش کۆتایی هێنان بە مەشقی هاوینە (پاکێجی ئامادە بوون و نوسراوی دەستبەکاربوون، دەست لەکارترازان) بەیەکەوە ڕادەستی مامۆستای سەرپەرشتیار دەکات و پیویستە مامۆستای سەرپەرشتیار لە دوای وردبینی کردنی زانیارییەکان و واژۆ کردنی سەرجەم زانیارریەکان ڕادەستی سەنتەری پەرەپێدانی کار بکاتەوە .

٧- پێوسیته  هەر فێرخوازێك  له پاش كۆتایی هاتنی مەشق ڕاپۆرتێک ئاماده بكات و پیشکەشی بکات له ڕێگەی ئەلکترۆنی که له داهاتوودا رێکارەکانێتان بۆ دەنێرین و دەبێت له سەر ئەو تێمپلێتەبێت که هاوپێچ کراوه و  دەبێت هەر فێرخواز وه بەجیا ڕاپۆرت بنوسێت واته نابێت به گروپ ڕاپۆرتەکه بنوسن .

٨- ئاساییه ڕاپۆرتەکه به زمانی کوردی یا خود به ئینگلیزی بێت بەڵام دەبێت له سەر ئەو تێمپلێته بێت که هاوپێچ کراوه و نابێت ڕاپۆرتەکه دەستنوس بێت واته دەبێت به کۆمپیوتەر بینوسن  .

٩- پیویسته له نوسراوی دەست بەکار بوون ئاماژه به **ڕێکەوتی دەست بەکاربوون بدرێت و مۆر و واژۆی لەسەر بێت** و پرنت کراو بێت، دەستنووس قبول نیه.

١٠- پێویسته له نوسراوی دەست له کارترازان **ئاماژه بەوه بدرێت که فێرخواز ١٠٠ کاتژمێر مەشقی به سەرکەوتویی جێ بەجێ کردووه به** بێ بوونی ئەو ئاماژەیه نوسراوەکه قبول نیه،  هەروها دەبێت مۆر و واژۆی لەسەر بێت و پرنت کراو بێت ،دەستنووس قبول نیه.

١١ -لیستی ئاماده نەبوون دەبێت له لایەن شوێنی ئەنجام دانی مەشق **مۆر و واژوو کرابێت** و بێجگه له بەرواری ئاماده بوون دەبێت کاتژمێری مەشقەکەشی له سەر نوسرابێت که ڕۆژانه چەند کاتژمێر مەشقی جێبەجی کردووه بۆ ئەوەی که دوایی حساباتی ژمارەی ڕۆژەکان و کاتەکەی کرا ١٠٠ کاتژمێرەکەی تەواو کردبێت.

١٢ -تکایه هیچ فێرخوازێک  لیستی غیابات به بێ واژووی سەرپەرشتیاری مەشق و سەرجەم دۆکیومێنتەکانی تر نەگێرێتەوه بۆ سەنتەری پەرەپێدانی کار پێوسیته ڕادەستی مامۆستای سەرپەرشتیاری بکەنەوه ئەوان زانیارییەکان دەهێننەوه بۆ سەنتەری پەرەپێدانی کار ، له حالەتی زۆر تایبەتدا وەک هاوکاریەک ئێمه زانیارییەکان وەردەگرینەوه به ڕەزامەندی مامۆستای سەرپەرشتیار بەڵام دەبێت هۆکارێکی ڕۆر تایبەتی هەبێت.

١٣- فێرخواز له پاش تەواو کردنی مەشق پێش تەسلیم کردنی زانیارییەکان به مامۆستای سەرپەرشتیار دەبێت فیدباکی خۆی له سەر شوێنەکه پێشکەش بکات له ڕێگەی ئەلکترۆنی که له داهاتوودا ڕێکارەکانێتان بۆ دەنێرین

١٤ -پێویستە سەرجەم فێرخوازان تا  پێش بەرواری **٢٠٢٦/٩/١ مەشقیان تەواو کردبێت** و دۆکیومێنت و زانیارییەکانیان ڕادەستی مامۆستای سەرپەرشتیار بکەنەوە ، ئەگەر فێرخواز تا ئەو ریکەوتە زانیارییەکانی تەسلیم نەکردەوە ئەوا بە کەوتوو دادەنرێت.

١٥ - هەندێک لە شوێنی مەشقەکان بە هۆکاری ئەوەی کە فێرخوازی زۆریان لە لایە لەوانەیە بە یەک نوسراو دەست بەکار بوون یاخود دەست لەکارترزانتان بۆ بکەن بۆیە ئاساییە ئەگەر مەشقەکەت تەواو کرد و ڕاستەوخۆ نوسراویان بۆ نەکردی تەنها سەرپەرشتیاری مەشقەکەت ئاگادار بکەرەوە کە مەشقەکەت تەواو کردووە بۆ ئەوەی لە کۆتایدا ئەو نوسراوەکە وەربگرێتەوە.

لە کوتاییدا وەک پوختەیەکی خالەکانی سەرەوە  هەر فێرخوازێک پیویستە ئەم نوسراوانە بگێرێتەوە بۆ سەنتەری پەرەپێدانی کاری پەیمانگە لە سەرەتا تا کۆتای مەشقەکە :

- **نوسراوی لارینەبوونی شوێنەکە بە واژۆ و مۆری فەرمی**
- **نوسراوی دەستبەکاربوون بە واژۆ و مۆری فەرمی**
- **نوسراوی دەست لەکارترازان کە نوسرابێت ١٠٠ کاتژمێر مەشقت جێ بەجێ کردووە بە واژۆ و مۆری فەرمی**
- **ڕاپۆرتی ئامادەبوون بە واژۆ و مۆری فەرمی**
- **ڕاپۆرتی زانستی  و فیدباک**

لەکاتی بوونی هەر پرستارێکی تر دەتوانن سەردانی سەنتەری پەرەپێدانی کاری پەیمانگە بکەن.

## تێبینی : سەرجەم نوسراوەکان دەبێت مۆر و واژو لەسەر بێت و پرنت کراو بێت.

هاوپێچ:

تێمپلێتی ڕاپۆرت (کوردی و ئینگلیزی)

شێوازی نوسینی نوسراوی  لاری نەبوون و دەست بەکار بوون و دەست لە کارترازان ئەگەر دەمەزراوەکە هێچ تێمپلێت یان نوسراوێکی خۆیان نەبوو ئەتوانن ئەمانە بکار بهێنن .